Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

STEP
for Democracy and Elections

# هەڵبژاردنی
# ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی جەزائیر
## 2ی تەمموزی 2026




**سەربەست مستەفا**
سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ
بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

**ئارام جەمال**
سەرۆکی پەیمانگەی کوردی
بۆ هەڵبژاردن KIE


تەمموزی 2026

- ناونیشان: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی جەزائیر- (2026-07-02)
- ئامادەکاران: - سەربەست مستەفا سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن
  - ئارام جەمال سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
- جۆری بابەت: هەڵبژاردن و دیموکراسی
- بەرواری دەرچوون: تەمموزی 2026

له بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن و پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE**

....................

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەراستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مەدەنیی دەنگدەران و پشکداریی لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان..

STEP

**ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن**

..............................

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەربەخۆی ناحکومی قازانجنەویستە و چاودێریی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و خۆبەخشانە هەوڵدەدات لەپێناو بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بوارەکانی هەڵبژاردن، دیموکراسی و حوکمڕانی باشدا.

بۆ پەیوەندیکردن:

7701573210 / 07504840094

زانیاری گشتی:

**ناوی وڵات :** کۆماری جەزائیری دیموکراسیی میللی

**پێگەی جوگرافی :** کیشوەری ئەفریقیا

**پایتەخت :** ویلایەتی جەزائیر

**روبەر :** 2,381,741 کم دووجا

**ژمارەی دانیشتوان :** 46,851,044 کەس

**زمانی فەرمی :** عەرەبی و ئەمازیغی

**دراو :** دیناری جەزائیری

**ئایینی فەرمی :** ئیسلام/ ئایینزای سوننەی مالیکی

**دابەشبوونی کارگێڕیی :** 58 ویلایەت و 1541شارەوانی.

**سەربەخۆیی :** دوای 130 ساڵ ژێردەستەیی فەڕەنسا، ساڵی 1962 رزگار بوون.

**سنورەکانی :** دەریای سپی ناوەڕاست، تونس، مەغریب، لیبیا، نەیجیریا، مالی و مۆریتانیا.

**سیستمی حوکمڕانی :** نیمچە سەرۆکایەتی

**دەستور :** دەستوری ساڵی (2016)ی کۆماری جەزائیری دیموکراسیی میللی.

**نهۆمی یەکەمی دەسەڵاتی یاسادانان** : ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی جەزائیر

**نهۆمی دووەمی دەسەڵاتی یاسادانان** : ئەنجومەنی گەلی جەزائیر



ئاڵای جەزائیر

---

رۆژی 2ی تەمموزی 2026، بە ملیۆنان دەنگدەر لە ناوخۆ و دەرەوەی جەزائیر چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی 407 نوێنەر بۆ ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی (پەرلەمان) ئەو وڵاتە، کە بە نهۆمی یەکەمی دەسەڵاتی یاسادانان دادەنرێت.

ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکەدا (21,24%) بووە و ئەم ڕێژەیە نزمترە لە ڕێژەی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی ساڵی (2021)، کە ڕێژەکەی (23%) بوو، لە کاتێکدا هەندێک لەو لایەنانەی بایکۆتی هەڵبژاردنی ساڵی (2021)یان کردبوو بەشی زۆریان لەم هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کردبوو، لەوانەش وەک بەرەی هێزە سۆسیالیستییەکان و گردبوونەوە لەپێناو فەرهەنگ و دیموکراسیدا.

**داتا و زانیارییەکانی ژینگەی هەڵبژاردنەکە :**

 **ژمارەی هەڵبژێران :** لەم هەڵبژاردنەدا 24 ملیۆن و 727 هەزار و 41 هەڵبژێر هەڵبژێر مافی دەنگدانیان هەیە و لەو ژمارەیە 23 ملیۆن و 872 هەزار و 756 هەڵبژێریان لە ناوخۆی جەزائیردان و 854 هەزار و 285 هەڵبژێریشیان نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن.

 **ژمارەی دەنگدەران : کۆی** ژمارەی ئەوانەی لە ناوخۆ و دەرەوەیی جەزائیردا دەنگیان داوە 5 ملیۆن و 53 هەزار و 603 دەنگدەر بوون، لەو ژمارەیە 4 ملیۆن و 962 هەزار و 433 دەنگدەر لە ناوخۆی جەزائیر دەنگیانداوە، لە کاتێکدا 91 هەزار و 170 دەنگدەر لە دەرەوەی جەزائیر دەنگیانداوە.

 **ڕێژەی بەشداریکردن :** ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەم هەڵبژاردنەدا زۆر نزم بووە و بەراورد بە هەڵبژاردنە گشتییەکانی جەزائیر ژمارەی پێوانەیی شکاندووە، بە بەڵگەی ئەوەی کۆی ئەوانەی لە ناوەوە و دەرەوەی جەزائیر دەنگیان داوە گەیشتۆتە ( 20.43%)، ڕێژەی (20.79%)یان لەسەر ئاستی ناوخۆی جەزائیر دەنگیداوە و ڕێژەی (10.67%)یش لەسەر ئاستی دەرەوەی وڵات دەنگیداوە.

 **ڕاستاندن و پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن :** ئەنجومەنی دەستووریی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان پەسەند دەکات و ڕاشیدەگەیەنێت، ئەمەش دوای یەکلاکردنەوەی ئەو تانانە دێت، کە لەسەر ئەنجامی بەرایی پێشکەشکراون.

 **یاسای هەڵبژاردن :** یاسای ئۆرگانیکی پەیوەست بە سیستمی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2021، کە لە ساڵی 2026 دا هەموار کراوەتەوە.

 **لایەنی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان :** ئەو لایەنەی سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات، پێیدەگوترێت "دەسەڵاتی نیشتمانیی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان-INAE"، کە ساڵی 2019 دامەزراوە، دەستەیەکی سەربەخۆیە و لە بیست ئەندام پێکهاتووە و ماوەی دەستبەکاربوونیان بۆ یەک خولە و شەش ساڵە و نوێ ناکریتەوە.

 **پەرلەمان:** لە دوو ژوور یان دوو نهۆم پێکدێت:

أ) ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی جەزائیر، ماوەی دەستبەکاربوونی پێنج ساڵە.

ب) ئەنجومەنی گەلی جەزائیر ، ماوەی دەستبەکاربوونی شەش ساڵە و هەر سێ ساڵ جارێک نیوەی ئەندامانیان نوێدەکرێتەوە.

 **سیستمی هەڵبژاردن :** هەڵبژاردنی ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی جەزائیر بەپێی "لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی" بەڕێوەدەچێت و بۆ ئەو کورسییانەی لە دوای دابەشکردنی کورسییەکانی قۆناغی یەکەم دەمێننەوە شێوازی بەهێزترین ماوە (الباقي الاقوى) بەکاردیت. *(یاسای هەڵبژاردن، مادەکانی 194-198).*

 **بەربەستی هەڵبژاردن:** رێژەی 5%ی لەبەردەم کۆی دەنگە دراوەکانی هەر لیستێکدا داناوە تا بتوانن کورسی پەرلەمان ببەنەوە. *(یاسای هەڵبژاردن-مادەی 194).*

 **ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن :** 77 بازنەی هەڵبژاردنە، 69 بازنەیان لەناو جەزائیردان و 8 بازنەشیان بۆ دەنگدەرانی رەوەندی جەزائیرە لە دەرەوە. ئەمەش دوای هەمووارکردنەوەی نەخشەی کارگێڕی وڵاتەکە دێت، کە ژمارەی ویلایەتەکانی ناوخۆی جەزائیری زیادکرد بۆ 69 ویلایەت، بەمەش هەر ویلایەتێک بوو بە یەک بازنەی هەڵبژاردن.

**ژمارەی کورسییەکان :** کۆی ژمارەی ئەنجومەنەکە 407 کورسییە و لەو ژمارەیەش 395 کورسییان بۆ ناوخۆی جەزائیرە و 12 کورسیشیان بۆ رەوەندی وڵاتەکەیە لە دەرەوە. دیاریکردنی ژمارەی کورسی هەر بازنەیەک بەپێی چڕی دانیشتوانی ویلایەتەکەیە، بۆ نموونە (جەزائیر)ی پایتەخت زۆرترین کورسی بەردەکەوێت. هەر بازنەیەکی هەڵبژاردنیش (ویلایەت) بەبێ گوێدانە کەمیی ژمارەی دانیشتوانی، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لانیکەم (سێ-3) کورسی بەردەکەوێت. ئەمەش بۆ بەهرەمەندبوونی ئەو ویلایەتانەیە لە نوێنەر، کە دەکەونە ناوچەی بیابانەوە یان ئەو ویلایەتە نوێیانەی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، تا بێ نوێنەر نەمێننەوە.

 **ماوەی دەنگدان :** 11 یانزە سەعاتە و لە 8ی بەیانییەوە دەستپێدەکات تا سەعات 7ی ئێوارە.

 **کارتی دەنگدەر:** دەسەڵاتی نیشتمانیی هەڵبژاردنەکان، کارتێکی دەنگدان دەداتە هەر دەنگدەرێک، کە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا هەبێت *(یاسای هەڵبژاردنەکان، مادەی 72).*

 **میکانیزمی دەنگدان :** لیســـتی نیمچەکراوە پیادەدەکرێت، واتە دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بە یەکێک لە لیستەکان و دەنگدەرێکی لیستەکەش بدات، یاخود تەنها دەنگ بە لیستێک بدات.

 **دەنگدانی بە وەکالەت :** مادەکانی ( 157-168)ی یاســای هەڵبژاردن، ڕێگە بەم توێژانە دەدات بە وەکالەت دەنگبدەن :

- نەخۆشەکانی ناو نەخۆشخانەکان یان ئەوانەی لە ماڵەوەن.
- ئەوانەی کەنەفتکارن و لە جێدا کەوتوون.
- ئەو کرێکار و خزمەتگوزارانەی لە دەرەوەی پارێزگاکانی خۆیان کار دەکەن یان لە هاتوچۆی بەردەوامدان.
- ئەو خوێندکارانەی زانکۆ، کە لە دەرەوەی پارێزگاکانی خۆیان دەخوێنن.
- ئەو هاوڵاتیانەی بە شێوەیەکی کاتی لە دەرەوەی وڵاتن.
- فەرمانبەرانی ســـوپای نیشـــتمانی و هێزە ئەمنییەکان و کارمەندانی گومرگ و کارمەندانی خزمەتگوزاری زیندانەکان، ئەوانەی ڕۆژی دەنگدان لە ئەرکدان.

 **مەرجەکانی دەنگدەر :**

1. دەبێت لە ڕۆژی دەنگداندا تەمەنی گەیشتبێتە هەژدە ساڵ.
2. لە هیچ جۆرە شایستەییەکی یاسایی کەم نەبێت.
3. پێویستە ناوی لە تۆماری دەنگدەرانی ئەو شارەوانییەدا هەبێت، کە تێیدا نیشتەجێیە.
4. نابێت لە سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا دژ بە بەرژەوەندییەکانی نیشتمان بووبێت.
5. نابێت بە تاوانێکی گەورە یان بە کەتن حوکم درابێت و ئیعتباری بۆ نەگەڕابێتەوە.
6. نابێت ئیفلاس بووبێت و ئیعتباری بۆ نەگەڕابێتەوە.
7. نابێت لە ژێر راگرتنی دادوەرییدا بێت یان راگیرا بێت.

*(یاسای هەڵبژاردن، مادەکانی 50، 51)*

**مەرجەکانی خۆپاڵاوتن :** یاســـای هەڵبژاردنەکان،مەرجەکانی خۆپاڵاوتنی بۆ ئەندامێتی لە ئەنجومەنی میللی نیشتمانییدا بەم شیوەیە دیاریکردووە:

أ- دەبێت هەڵگری رەگەزنامەی جەزائیری بێت.

ب- دەبێت لە ڕۆژی دەنگداندا تەمەنی گەیشتبێتە بیست و پێنج ساڵ.

ج- دەبێت خزمەتی سەربازی بەجێگەیاندبێت یان بەخشرا بێت.

د- نابێت بە تاوانێکی گەورە یان بە کەتنێک حوکم درابێت بەدەر لە کەتنی نا ئەنقەســـت، یاخود حوکمدراو بێت و ئیعتباری بۆ گەڕابێتەوە.
ر- ئەستۆپاکی خۆی لە فەرمانگەی باج سەلماندبێت.
ز- لەنـاو خەڵکـدا نـاوبـانگی بەوە دەرنەکردبێـت، کە دەســـتی تێکەڵاوکردووە لەگەڵ نـاوەنـدە گومانلێکراوەکانی بواری دارایی و بزنسـدا، کاریگەری راسـتەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆی هەیە لەسـەر ئازادیی هەڵبژاردنی دەنگدەران و باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن.
س- نابێت لە دوو خولی یەکبەدوای یەک یان جیاجیادا ئەندامی پەرلەمان بێت.

*(یاسای هەڵبژاردن، مادەی 200)*

**مەرجەکانی بەردەم لیستەکانی هەڵبژاردن :**
یاسای هەڵبژاردنەکان ئەو مەرجانەی دیاریکردووە، کە دەبێت لە هەر لیستێکدا هەبن، ئەوانیش ئەمانەن:
أ- ئەگەر ژمارەی کورســـیی تەرخانکراوی بازنەی هەڵبژاردنەکە جووت بێت ئەوا دەبێت لیســـتەکە دوو کاندیدی زیاتر لە ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە لەخۆبگرێت، بەڵام ئەگەر ژمارەی کورسـیی تەرخانکراوی بازنەی هەڵبژاردنەکە تاک بێت ئەوا دەبێت لیسـتەکە سێ کاندیدی زیاتر لە ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە لەخۆبگرێت.
ب- دەبێت بنەمای سێ یەکی ژن و پیاو لە لیستەکەدا ڕەچاو بکرێت.
ج- بەلایەنی کەمەوە دەبێت یەک لەسەر سێی کاندیدەکانی ناو هەر لیستێک هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ بن.
د- بەلایەنی کەمەوە دەبێت نیوەی کاندیدەکانی ناو لیستەکە تەمەنیان لە خوار چل ساڵەوە بێت.
*(یاسای هەڵبژاردن، مادەی 191)*

**ئەنجومەنی دەستوریی:** دەستەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکی پاراستنی دەستوری پێسپێردراوە. ئەم دەستەیە تایبەتمەندە بە بڕیاردان لەسەر دروستی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان. بەمەش ئەنجومەنی دەستور تایبەتمەندارە لە سەیرکردنی تانەکانی پەیوەندیدار بە ئەنجامە بەراییە کاتییەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و یاسادانان.

ئەنجومەنەکە لە 12 ئەندام پێکدێت. سەرۆککۆمار چوار ئەندامیان دیاری دەکات، کە لە نێویاندا سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی تێدایە، هەریەک لە ئەنجومەنی میللی نیشتمانی و ئەنجومەنی گەل و دادگای باڵا و ئەنجومەنی دەوڵەتیش یەکی دوو ئەندام بۆ ئەنجومەنە دەستوورییەکە دیاری دەکەن.

- **خەرجییەکانی هەڵبژاردن و پارەدارکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و چاودێریکردنیان :**

یاسای هەڵبژاردنەکانی جەزائیر، 37 مادەی بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی پارەدارکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دانانی سنوری خەرجییەکان و ڕێکخستنی پرۆسەی چاودێریکردنی سەرچاوەی دارایی و خەرجییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن تەرخانکردووە، ئەویش لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە کە دادوەرێکی دادگای باڵای جەزائیر سەرۆکایەتی دەکات. دیارە ئەمە هەنگاوێکی پێشکەوتوو و ئەرێنییە بەراورد بە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق.

- **دەستەی سەربەخۆی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان :**

بەپێی مادەی 194ی دەستوری جەزائیر، دەستەیەکی سەربەخۆ پێکدێت لە دادوەرانێک، کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە دیاری دەکرێن لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە سەرۆککۆمار دیارییان دەکات. ئەم دەزگایە چاودێری پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکات و ڕاسپاردەی پێویست لەبارەی چێوەی یاسایی و ڕێکارەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی جەزائیر پێشکەشدەکات، هەروەها خولی مەشق و ڕاهێنان لەسەر چاودێریکردنی هەڵبژاردن و چۆنێتی ئامادەکردنی تانەدانی یاسایی دروست بۆ سەرکردەکانی پارتە سیاسییەکان ئەنجام دەدات.

- **تاوانەکانی هەڵبژاردن :**

یاسای هەڵبژاردنی جەزائیر بە وردی تاوانەکانی هەڵبژاردنی خستۆتەڕوو و لە پاڵیدا سزای پێویستیشی بۆ داناون، بەجۆرێک سەرلەبەری دەروازەی هەشتەم و 38 مادە ( 276-313)ی بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە.

- **لیستە براوەکانی هەڵبژاردنەکە :**

لەم هەڵبژاردنەدا 32 پارتی سیاسی و 9,854 کاندید لە شێوەی 793 لیستی هەڵبژاردندا لە کێبڕکێدا بوون، لە نێو کاندیدەکاندا 2 هەزار و 32 کاندیدیان ژن بوون، کە دەکاتە نزیکەی (21%)ی کۆی کاندیدەکان، هاوکات 5 هەزار و 304 کاندید تەمەنیان لە خوار 40 ساڵییەوەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (54%)ی کۆی ژمارەی کاندیدەکان.

لە دیارترین لیستی ئەو حزبانەی لەم هەڵبژاردنەدا بەشداربوون، ئەمانەن:

- **بەرەی رزگاریی نیشتمانی** (FLN) : پارتیکی دێرین و باڵادەستە لە جەزائیردا، نوێنەرایەتی رەوتی تەقلیدی و نزیک لە دەسەڵات دەکات و عەبدوالکەریم کورِی موبارەک ئەمینداری گشتی حزبەکەیە.

- **جوڵانەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی** (MSP) : گەورەترین حزبی ئیسلامیی ئۆپۆزسیۆنە لە جەزائیردا و لەلایەن "عەبدولعالی حەسانی شەریف"ەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە لە دوا هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیدا رکابەری عەبدولمەجید تەبونی سەرۆکی ئێستا بوو.

- **بەرەی هێزە سۆشیالیستەکان** (FFS) : لە مێژووی هاوچەرخی جەزائیردا بە کۆنترین حزبی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێت. یوسف ئۆشیش سەرۆکایەتی دەکات و پارتێکی چەپی مامناوەندە (سۆشیال دیموکراتە) و داکۆکیکارێکی سەرسەختە لە بەهاکانی دیموکراسی و سیکۆلاریزم و ناسنامە و زمان و مافەکانی گەلی ئەمازیغ.

- **گردبوونەوەی نیشتمانیی دیموکراسی** (RND) : حزبێکی ناسیۆنالیستی موحافیزکاری مامناوەندە و تێگەیشتن و ئاڕاستەیەکی لیبرالیانەی لە دنیای ئابوریدا هەیە و پشتگیری لە ئابوریی بازاڕ دەکات. هەمیشە وەک "باڵی دووەمی دەسەڵات" دەردەکەوێت و پشتگیری لە سەرلەبەری بەرنامەکەی عەبدولمەجید تەبونی سەرۆک کۆمار دەکات و یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هاوپەیمانێتی سەرۆکایەتی، لە ئێستادا مستەفا یاحی ئەمینداری گشتی حزبەکەیە.

- **بەرەی ئایندە** (Front El-Moustakbal) : حزبێکی ناسیۆنالیستی مامناوەندە و خۆی بە بەدیلی نوێنەرانی گەنجان و نویگەریی دەزانێت و خۆی بە دوور دەگرێت لە جەمسەربەندی نێوان ئۆپۆزسیۆنی توندڕەو و هێزە تەقلیدییەکانی دەسەڵات. حزبەکە لەلایەن فاتیح بۆتبیق"ەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و لەم هەڵبژاردنەشدا سەرۆکی لیستەکەیانە.

## ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە :

ڕۆژی 6ی تەمموزی 2026، ئەنجومەنی دەستوریی جەزائیر ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەی پەسەندکرد و ئەم ئەنجامانەی ڕایگەیاند.

| ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی جەزائیر 2026-07-02 | |
|---|---|
| القوائم الفائزة | عدد المقاعد |
| بەرەی رزگاریی نیشتمانی "جبهة التحرير الوطني" | 90 |
| گردبوونەوەی نیشتمانیی دیموکراسی "التجمع الوطني الديمقراطي" | 73 |
| بەرەی ئایندە "جبهة المستقبل" | 59 |
| جوڵانەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی "حركة مجتمع السلم" | 43 |
| جوڵانەوەی بینای نیشتمانی "حركة البناء الوطني" | 38 |
| لیستە سەربەخۆکان "القوائم المستقلة" | 32 |
| دەنگی میللەت "صوت الشعب" | 17 |
| بەرەی هێزە سۆشیالیستەکان "جبهة القوى الاشتراكية" | 12 |
| پارتی ئازادی و دادگەریی "حزب الحرية والعدالة" | 6 |
| پارتی ئاسۆی نوێ "حزب الفجر الجديد" | 6 |
| پارتی کەرامەت "حزب الكرامة" | 5 |
| گردبوونەوە لەپێناو فەرهەنگ و دیموکراسیدا "التجمع من اجل الثقافة والديمقراطية | 4 |
| بەرەی دادگەریی و گەشەسەندن "جبهة العدالة والتنمية" | 4 |
| پارتی کریکاران "حزب العمال: | 3 |
| پارتی نەوەیەکی نوێ "حزب جيل جديد" | 3 |
| جوڵانەوەی هیوای جەزائیر "حركة امل الجزائر" | 3 |
| پارتی یەکێتیی نیشتمانیی و گەشەسەندن "حزب الوحدة الوطنية والتنمية" | 2 |
| جوڵانەوەی ڕابوون "حركة النهضة" | 2 |
| پارتی نوێگەریی جەزائیری "حزب التجديد الجزائري" | 1 |
| پارتی هاپەیمانیی کۆماریی "حزب التحالف الجمهوري" | 1 |
| بەرەی جەزائیری نوێ "جبهة الجزائر الجديدة" | 1 |
| بەرەی حوکمڕانی لێهاتوو "جبهة الحكم الراشد" | 1 |
| بەرەی هاوڵاتیی ئازاد "جبهة المواطن الحر" | 1 |
| کۆی گشتی | 407 |

**دەرەنجامەکان:**

**یەکەم:** ڕێژەی بەشداریکردنی (21,24%)ی هاوڵاتیان لەم هەڵبژاردنەدا نزمترین پێوانەی لە مێژووی هەڵبژاردنە گشتییەکانی جەزائیردا تۆمار کردووە، ئەوەش ئاماژەیە بە بێهیوایی فراوانی هاوڵاتیان بە پرۆسەی سیاسی لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە دوورخستنەوەی ڕێژەی (30%)ی کاندیدانی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەر لە ڕۆژی دەنگدان، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، کاریگەری لەسەر دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران داناوە .

**دووەم:** پاشەکشەیەکی گەورە و بەرچاوی ژمارەی کاندیدانی ژن لە هەڵبژاردنەکەدا، کە تەنها 23 ژن بە ڕێژەی (5,65%) بۆ ئەنجومەنی میللی نیشتمانیی جەزائیر دەرچوون . هۆکاری سەرەکی ئەم دابەزینەی ڕێژەی ژنان لە ئەنجومەنی ناوبراودا دەگەڕێتەوە بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن لە نیسانی 2026دا، کە تێیدا مەرجی ڕێژەی نیوە بە نیوەی (پەنجا بە پەنجا)ی ڕەگەزیی لە کاندیدەکانی لیستەکاندا کەمکردەوە بۆ سێیەکی لیستەکە و بەمەش ژمارەی کاندیدانی ژن لەم هەڵبژاردنەدا بۆ 2 هەزار و 32 ژن کەمبۆوە، لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی ساڵی 2021دا زیاتر لە 8 هەزار و 300 ژن خۆیان کاندید کردبوو .

**سێیەم:** حزبی دەسەڵاتدار پارێزگاری لە پێگەی خۆی کردەوە و بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی دیسانەوە لە پێشەوەیە و 90 کورسی بردەوە، ئەگەرچی هەشت کورسی کەمترە لەوەی کە لە هەڵبژاردنی ساڵی 2021دا بەدەستیهێنا.

**چوارەم:** جوڵانەوەی کۆمەڵگەی ئاشتی، کە گەورەترین حزبی ئیسلامیی ئۆپۆزسیۆنە، لەنێوان هەردوو هەڵبژاردنی 2021 و 2026دا، 21 کورسی لە دەستداوە و ژمارەی کورسییەکانی لە 64 کورسییەوە دابەزیوە بۆ 43 کورسی. ئەم دابەزینە زۆربەی لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی گرتۆتەوە و بە گشتی ژمارەی کورسییەکانیان لە 84 کورسییەوە دابەزیوە بۆ 32 کورسی.

**پێنجەم:** ژمارەی کورسییەکانی ڕەوتی ناسیۆنالیستی، بە هەردوو فۆرمە تەقلیدی و نویگەرەکەیەوە، لە بەرزبوونەوەدایە و لەو نیوەدا گردبوونەوەی نیشتمانیی دیموکراسی، وەک حزبێکی ناسیۆنالیستی موحافیزکاری مامناوەندی نزیک لە دەسەڵات، 15کورسی لە هەڵبژاردنی ساڵی 2021 زیاترە و بە هەمان شێوە بەرەی ئایندەش 11 کورسی زیادکردووە.

**شەشەم:** ژمارەی کورسییەکان بۆ لیستی حزبەکان سەنگی مەحەک نییە و پێناچێت ڕەنگدانەوەی هێزی ڕاستەقینەی و کێشی جەماوەری خۆی بێت، چونکە سیستمی هەڵبژاردنی جەزائیر کورسییەکان بەپێی ویلایەت و پارێزگاکان دابەش دەکات نەک بەپێی ڕێژەی دەنگەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی.

..................................

....................

..........